# پێکهاتەی هەرێمی کوردستان وڕەنگدانەوەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە میدیای دیجیتاڵی

**هێمن ئەمین جەلال شوانی، تاهیر حەسۆ زێباری**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کوردستان، عێراق

**پوختە**

هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی جیاوازی تێدا دەژی، بەرهەمی شۆڕش و خەباتی دەیان ساڵەی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانە و بەردەوامیش ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە ئابووری، سیاسی و ئایینییەکان بووەتەوە، لە ئێستاشدا مانەوەی زۆنی زەرد و سەوز، کە بۆتە هۆی دابەشکاری لەسەر ئاستی کارگێڕی و سیاسی و زمانەوانی...هتد، یەکێکە لەو ئاڵنگارییە بەردەوامەی ڕوبەڕوی بوارە جیاکانی ژیان بۆتەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە پەیوەندی نێوان میدیای دیجیتاڵی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی، هەروەک ئەوە ئاشکرا دەکات، کە چۆن پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی کاریگەرییان لەسەر یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەکە پشتی بە ئامرازی تێبینی و میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content Analysis) بە ستووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێکەوتی (1/6/2024) تا ڕێکەوتی (1/12/2024) کۆمەڵێک نموونەی هەواڵ و پۆستی بەتایبەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وەرگرتوە و، شیکاری بۆ ناوەڕۆکەکەی کراوە، لە کۆتاییدا گەیشتۆتە کۆمەڵێک ئەنجام و، دەرکەوت میدیای دیجیتاڵی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە داڕشتن و بەهێزکردنی بنەماکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی، بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، لەلایەک لە ڕێگەی پیشاندانی بەها و مێژوی هاوبەش، هۆشیاری و ناسنامەی کەلتووری بەرزکردۆتەوە، لەلایەکی دیکە و، بەتایبەت لە بواری سیاسی دابەشبوونی سیاسی و کەلتوری و ئایینی و کۆمەڵایەتی گەورەتر کردوە، بە دیاریکراوی لە پەیوەندی نێوان گروپە نەتەوەیی یان ئایینی و سیاسییە جیاوازەکان، هاوکات نەبوونی هۆشیاری یاسایی میدیاکاران سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی یەکێکی دیکەیە لە کێشەکان، کە لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا بۆ توێژەر دەرکەوتووە.

**کلیلە وشەکان:** هەرێمی کوردستان، یەکانگیری کۆمەڵایەتی، میدیای دیجیتاڵی، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ڕق و کینە.

## 1. پێشەکی

هەرێمی کوردستانی عێراق، وەک قەوارەیەکی جیۆپۆلەتیکی، بە فرەنەتەوەیی و فرەئاینی تایبەتمەندە، کە خاوەنی سیمایەکی دەوڵەمەند و فرەچەشنی کەلتوور، زمان و نەریتە ئایینی و مەزهەبییەکانە. تێگەیشتن لەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە گرنگە بۆ شیکردنەوەی دینامیکی کۆمەڵایەتی ئێستای هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ ناسینەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە کاریگەرییان لەسەر بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکانگیر و هاوپەیوەند هەیە.

چونکە تێگەیشتن لەو میراتە مێژوویی و واقیعە سیاسییەی کە هەیە، کاریگەریی لەسەر ئاستی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان گروپە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان هەیە، هەرچەندە کورد زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، بەڵام نەتەوەی دیکەشی تێدایە، لەوانە تورکمان، عەرەب، ئاشووری و ئەرمەنی. لە ڕووی ئاینیشەوە؛ لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانەکەی زۆرینەی موسڵمانی سوننەیە، بەڵام پێکهاتەی کەمینەی ئایین و ئاینزای دیکەی بەرچاوی تێدایە، وەک ئێزیدی، کاکەیی، بەهایی، مەسیحی، سابیئەی مەندائیی، جوو، ئەم فرەچەشنییە نەتەوەیی و ئایینییە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە پایە و کۆڵەکەکانی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان هەیە، هاوکات پێکهاتەی سیاسیەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەم فرەچەشنییەیە.

بۆ نیشاندانی دیمەنی فرەیی و پێکهاتەیی سیاسی هەرێمی کوردستان پێویستە ئاماژە بە پرۆسە و خولەکانی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان بکەین، چونکە وەک ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پارلەمانی کوردستاندا هاتووە "پارلەمانی کوردستان باڵاترین

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 9، العدد 2 (2025).
أُستلم البحث في 28 تشرين الأول 2024؛ قُبل في 8 حزيران2025
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10 تموز 2025
البريد الإلكتروني للمؤلف: hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2025 هێمن ئەمین جەلال شوانی، تاهیر حەسۆ زێباری. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp18-31

دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە و، نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەکات و بنەما سەرەکییەکانی پارلەمانی کوردستان بریتیە لە ئازادی و فرەیی و بەرپرسیارێتی و کرانەوە و نوێنەرایەتیکردنی هەموو خەڵکی کوردستان" (پارلەمانی کورستان، 2018).

لەو چوارچێوەیەدا، پرۆسەی هەڵبژاردن وەک میکانیزمێکی سەرەکی بۆ فراوانکردنی بەشداری سیاسی و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی و ئایدۆلۆژییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کاریکردووە. بە تایبەت، لە رێگەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ نوێنەرایەتی پێکهاتە کەمینەکان دانراوە، کە لە سەرەتادا سیستمی کۆتای بۆ مەسیحییەکان و تورکمانەکان تێدا دیاریکرا. دواتر، بەپێی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق، ژمارەی کورسییەکانی کۆتا لە (11) کورسییەوە بۆ (5) کورسی کەمکرایەوە (3 کورسی بۆ مەسیحییەکان و 2 کورسی بۆ تورکمانەکان)، کە دابەشکردنی ئەم کورسییانە لەسەر بنەمای دابەشبوونی جوگرافی پارێزگاکان جێبەجێکرا. بەڵام؛ سەرەڕای سیستمی کۆتا، پێکهاتەی ئایینی ئێزیدییش لە خولەکانی دووەم و سێیەمی پارلەماندا نوێنەری خۆیان هەبووە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ فراوانبوونی زیاتری بەشداری سیاسی لە دەرەوەی میکانیزمە دیاریکراوەکان.

ئەم فرەچەشنییەی پارلەمانی کوردستان، وەک لە خشتەی ژمارە (1-1) دا ڕوون کراوەتەوە، لە ڕێگەی نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانەوە، دڵنیایی دەدات لەوەی کە هیچ پێکهاتەیەک پەراوێز ناخرێت. ئەمەش بەشدارە لە بەهێزکردنی هاودەنگی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی، پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی. هەروەها، دەروازەیەکە بۆ باشترکردنی هاوکاری و دیالۆگ لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا، سەرەڕای جیاوازی دیدگا و بەرژەوەندییەکانیان.

خشتەی 1

بەشداری و پێکهاتەی لایەنە سیاسیەکان لە پارڵەمانی کوردستان بەپێ خولەکانی هەڵبژاردن لە ساڵی (1992-2024) پیشان دەدات

| خولەکانی هەڵبژاردن | ساڵ | ژمارەی کورسی پارڵەمان | ژمارەی لیستە بەشداربوەکان | ژمارەی لیستە براوەکان | کورسی پێکهاتە کەمە نەتەوەیی و ئاینیەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | مەسیحی | تورکمانی | ئەرمەنی |
| **یەکەم** | 1992 | 105 | 9 | 4 | 5 | 0 | 0 |
| **دووەم** | 2005 | 111 | 13 | 3 | 5 | 5 | 1 |
| **سێیەم** | 2009 | 111 | 24 | 11 | 5 | 5 | 1 |
| **چوارەم** | 2013 | 111 | 31 | 17 | 5 | 5 | 1 |
| **پێنجەم** | 2018 | 111 | 29 | 17 | 5 | 5 | 1 |
| **شەشەم** | 2024 | 100 | 139 لیست<br>2 هاوپەیمانی<br>124کاندیدی سەربەخۆ | 8 | 3 | 2 | 0 |

فرەیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان وەک چۆن کاریگەری ئەرێنی لەسەر پایە و کۆڵەکەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی هەیە، کە بەهۆیەوە گروپە نەتەوەیی و ئاییینیە جیاوازەکان بەشێوەیەکی ئازادانە دەتوانن گوزارشت لە ماف و خواستەکانیان بکەن و، بەرگری لە مافەکانیان بکەن، بەجۆرێک دور دەکەنەوە لە توندتێژی و ناسەقامگیری، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەشێ فرەیی سیاسی وەک ئاڵنگاریەکیش ڕووبەڕووی یەکانگیری کۆمەڵایەتی ببێتەوە و کاریگەری پێچەوانە دروست بکات بەتاییەتی ئەگەر لایەنەکان نەتوانن لەسەر بابەتە سەرەکییەکان ڕێکبکەون، یان ڕکابەرییە سیاسییەکان زۆر توند بن، وەک ئەوەی لە هەندێک کاتدا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بینراوە .

شەڕ و ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان؛ هەرێمی کوردستانی دابەشی سەر هەردوو زۆنی زەرد و سەوز کرد، ئەم دابەشبوونە سیاسیە لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا کاریگەری دروستکرد و، تا ئێستاش فاکتەرێکی سەرەکی و بەهێزە لە پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی باشور، چونکە کایەی سیاسی و کایەی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بەیەکتر کراون، ڕای گشتیش ڕای حزبە سیاسیەکانە، نەک ڕایەک کە لە ئاستە کۆمەڵایەتیەکەیدا گەڵاڵە بووبێ (حەکیم و، ئەمیر، 2020، 212)، حزب و ئەکتەرە سیاسیەکانیش ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و زەقکردنەوەی کەلێنی کەلتوری، توندوتیژی، تۆمەتبارکردنی یەکتر بە خیانەت، تیرۆر، بەکارهێنانی هێزی چەکدار بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، لاوازکردنی دامەزراوە یاساییەکان، چەواشکاری و دوبەرەکی هەیە.

بەردەوامی ئەم ململانێ و یەکتر قبوڵنەکردنەی نێوان حزب سیاسیەکان بەپێکهاتە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی، ئیسلامی، عەلمانی...هتد، شۆڕبۆتەوە بۆ ناو تاکەکانی کۆمەڵگە، دۆخێکی دەرونی وایان دروست کردوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئاستی دانبەخۆداگرتن و لێبوردەیی لە نێوان هاوڵاتیە بێلایەن و نا سیاسیەکانیشدا کەمکردۆتەوە، بەجۆرێک زۆربەی تاکەکان بەرگەی بچوکترین ڕووبەڕووبونەوەی یەکتر ناگرن و بەو پەڕی توندڕەوی و هەڵچونەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن (ئەحمەد، 2019: 125)، جگە لەوەش سەرهەڵدانی فرە حزبی لە کوردستان وەک وەڵامدەرەوەی خواستێکی کۆمەڵگەی مۆدێرن و بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و بەرجەستەکردنی گیانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزە نەریتیەکان و تۆخکردنەوە و کاراکردنەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتیەکانە بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردن تا گرۆتین بدەن بە ئەندام و لایەنگرەکانیان بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن (ئەحمەد و، شەریف، :194)، هەربۆیە ئەم بە حزبیبوونەی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کاریگەری خراپی کرۆدتە سەر دروستکردنی ناسنامە و شوناسێکی هاوبەشی نیشتیمانی و کوردستانی، بەڵکو لە بری ئەوەی شوناسی حزبی پەیدا بووە، لەلایەکی دیکەوە تۆمەتبارکردنی نوێنەری پێکهاتەکان لە پارلەمانی کوردستان بە پاشکۆی حزبە سیاسیەکان بەخاڵێکی دیکەی نەرێنی بەشداری سیاسی پێکهاتەکان لە پرۆسەی حکومڕانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە؛ لە ئاستی سیاسی و دامەزراوە حکومڕانیدا، فرەیی پێکهاتەی سیاسی وەک ئاڵنگارییەک لەبەردەم پرۆسەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە

کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی دادەنرێت، چونکە فرەیی سیاسی نەیتوانیوە بەتەواوەتی تاکەکانی کۆمەڵگە فێری گیانی لێبوردەیی و فرەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی و ڕێزگرتن لە یاسا و دامەزراوە دەستورییەکان و دروستکردنی کەلتور و شوناسێکی هاوبەش بکات، بەڵکو زیاتر کاری بۆ بەحزبیکردنی کۆمەڵگە کردوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی کەلتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هەبووە و کەلێنە کەلتورییەکانی تۆختر کردۆتەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە پەیوەندی نێوان میدیای دیجیتاڵی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی، هەروەک ئەوە ئاشکرا دەکات، کە چۆن پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی کاریگەرییان لەسەر یەکانگیریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەکە پشتی بە ئامرازی تێبینی و میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content Analysis) بە ستووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێکەوتی (1/6/2024) تا ڕێکەوتی (1/12/2024) کۆمەڵێک نموونەی هەواڵ و پۆستی بەتایبەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وەرگرتوە و، شیکاری بۆ ناوەڕۆکەکەی کردوە.

## 2. ڕەنگدانەوەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە میدیای دیجیتاڵی کوردیدا

میدیای دیجیتاڵی دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لە چوارچێوەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ بگێڕێت، چونکە تاک و گروپە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینیەکان لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بلۆگەکان و مەکۆی ئۆنلاینەوە، دەتوانن دیدگا جۆراوجۆرەکانیان بڵاوبکەنەوە و هاوبەشی بکەن، ئەمەش هەستکردن بە سەربەخۆیی و ناسنامەی بەکۆمەڵ پەهێز دەکەن، لەهەمانکاتدا میدیای دیجیتاڵی دەرفەت بۆ هەمو ئەوانە دەڕخسێنێ کە بانگەشە بۆ گفتوگۆی ئاشتیانە، لێبوردەیی و پێکەوەژیان و یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەکەن، هەروەک دەتوانێ هاوکاری کەلتووری و کۆمەڵایەتی نێوان کەلتور و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی چوارچێوەی کۆمەڵگەیەک پتەوت بکات.

بەڵام لە هەمان کاتدا پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی بەهەموو جۆرەکانی دەشێ وەک ئاڵنگارییەک ڕووبەڕووی یەکانگیری کۆمەڵایەتیش ببنەوە، بەتایبەت لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ناڕاست، جەمسەرگیری و بەهێزکردنی ململانێ و ناکۆکیەکان، توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە..هتد، لێرەدا بەوردی تیشک دەخەینە سەر سروشتی پەیوەندی میدیای دیجیتاڵی ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان.

### 2.1 تاک لە نێوان بەها خێزانیەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و میدیای دیجیتاڵی

یەکانگیری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکی پتەوی بە خێزان و میدیای دیجیتاڵیی هەیە، بەهاکانی خێزان لە ڕێگەی داڕشتنی چوارچێوەیەک بۆ تاکەکان و، پابەندبوون بە نۆرمە هاوبەشەکان و بەشداریکردن لە خۆشگوزەرانی بەکۆمەڵی کۆمەڵگەکانیان و بەهاکانی وەک هاوسۆزی، ڕێزگرتن و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، لێبوردەیی، هاوکاری، دڵسۆزی، پشتیوانی یەکتر و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە ئەندامانی دیکەی خێزان... فێری تاکەکان دەکات، ئەم بەهایانەش سەقامگیری کۆمەڵگە بەرەوپێش دەبەن و، ژینگەیەک دروست دەکەن کە متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی تێیدا گەشە بکات، کە بۆ پاراستنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگن. لە بەرانبەردا میدیای دیجیتاڵی سەکۆیەک پێشکەش دەکات، کە بۆ پتەوکردنی ئەم بەهایانە و فراوانکردنی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خێزانییەکان لە مەودای جوگرافیدا گرنگن.

بەڵام ئەشێ میدیای دیجیتاڵیش وەک ئاڵنگارییەک ڕووبەڕووی بەها خێزانییەکان ببێتەوە و کاریگەری لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی دروست بکات (Ahga et al., 2023). بۆ نموونە لەم سەردەمەدا لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەبوونی میدیای دیجیتاڵی تاک لە هەموو شوێنێکدا دەتوانێت پەیوەندیی دروست بکات، بەتایبەت لە دروستکردنی شێوە ڕووکەشەکانی پەیوەندی و بەشداریکردن، کە قووڵ و دەوڵەمەند نییە وەک ئەوەی بەشێوەیە نەریتیەکەی لە میانەی کارلێکە خێزانییە ڕووبەڕووەکاندا دەبینرێت .

هەربۆیە زۆربەی جار "پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەتوانن پەیوەندیکردن ئاسان بکەن، بەڵام ناتوانێ جێگەی کارلێکە مانادار و ڕاستەوخۆکان بگرێتەوە، ئەمەش ئەو یەکانگیری کۆمەڵایەتییە لاواز دەکات، کە خێزانەکان لە مێژوودا هەوڵی بۆ دەدەن " (Turkle, 2011: 45)، چونکە میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان تاکەکانی بەرەوڕووی چەندین دیدگا و نۆرم و کەلتووری جۆراوجۆر کردۆتەوە، کە ڕەنگە جیاواز بن یان دژایەتی ئەو ڕوانگە و نۆرمە خێزانیانە بکەن، کە ئەندامەکانی لەسەر پەروەدە کردوە و پێگەیاندوە، ئەم دوو جۆرە ژینگەیە تاک دوچاری جۆرێک لە سەرگەردانی و ڕاڕایی دەکاتەوە بەتایبەت لە دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامە و بەها کەسی و کۆمەڵایەتیەکان، کە لەگەڵیاندا پەروەردە بوون و ئەوانەی کە بە شێوەی ئۆنلاین ڕووبەڕوویان دەبنەوە (Ahmed et al., 2020 )

### 2.2 میدیای دیجیتاڵی و پیشاندانی چینە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە

میدیای دیجیتاڵی تادێت بووەتە فەزای نوێنەرایەتیکردن و بەهێزکردنی چینە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە، ڕێگەی نوێ بۆ گوزارشتکردن و داکۆکیکردن لە مافەکانیان دابین دەکات (Massoudi et al., 2025). پلاتفۆرمەکانی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بلۆگەکان و سایتەکانی هاوبەشکردنی ڤیدیۆ ڕێگە بە گروپە پەراوێزخراوەکان دەدەن ئەزموونەکانی ژیانیان بخەنە ڕوو، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و چالاکی جۆراوجۆر ڕێکبخەن، هەربۆیە "میدیای دیجیتاڵی ڕێگە بەو تاک و گروپە پەراوێزخراوانەی کایەی گشتی دەدات بۆچونەکانیان دەربڕبڕن و دەنگیان ببیسترێت و. ناسنامەکانیان دووپات بکەنەوە...هتد، بەم شێوەیەش دەرگە بەڕێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی لە کایەی گشتی بۆ دەکرێتەوە( Fuchs, 2022: 35) ، بۆ نموونە زۆربەی جار لە میدیای دیجیتاڵی هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی چەندین دیمەنی جۆراوجۆر دەبینەوە، کە پێشتر ئەستەم بوو دەنگیان ببیسترێت، لەوانە چینی کرێکاران و خەڵکی دەستگێڕ لە بازاڕەکان، یان خەڵکی گوندنشین و ناوچە جیاکان، چونکە لە ئێستادا زۆربەی گوندەکان و ناوچەکان پەڕەی تایبەتیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆخۆیان کردۆتەوە و، داواکاری و کار و ژیانی ڕۆژانەیان تێدا دەخەنەڕوو، ئەوە جگە لە پیشاندانی دۆخی خێزانە هەژار و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە، کە بەهۆیەوە پاڵپشتی و هاوکاری و هاوسۆزی خەڵکی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتە و، پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی بەهێز دەکەن.

سەرەڕای ئەوەش؛ میدیای دیجیتاڵی ڕۆڵی گرنگی لە پێکهێنانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە

نوێیەکان و، نوێنەرایەتیکردنی گروپە پەراوێزخراوەکاندا هەیە، چونکە بەهێزیان دەکات بۆ بەشداریکردن لە دارشتنی وتاری گشتی و کاریگەریکردن لەسەر بڕیارەکانی سیاسەت، بەتایبەت لە ڕێگەی دروستکردنی هاشتاگ، کە وا دەکات " هاودەنگی لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا بونیات بنێت، ئەوەش بە بەشداریکردن لە چالاکییەکانی ئۆنلاین، هەروەک دەتوانێت خەباتە گۆشەگیر و نهێنەکان بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی فراوانتر بۆ گۆڕانکاری و بەدیهێنانی خواستەکانیان، دواجار بەهایەک بە هەمەجۆریی و وەرگرتنی ئەو دەنگانە دەدات کە بە شێوەیەکی نەریتی لە ڕەوتی ژیان و بەشداریکردنی سەرەکی کۆمەڵگە دوور خراونەتەوە " (Castells, 2021: 120)، دەتوانین نموونەی ئەم جۆرە چالاکیە بە مامۆستایانی وانەبێژ بهێنینەوە، کە سەرەرای خەباتی مەدەنیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش لاپەڕەیەکیان کردەوە بەناوی (وانەبێژانی نارازی) بۆ دیاریکردنی وادەی خۆپیشاندان و ئەنجامدانی چالاکیەکان و ئاگادارکردنەوەی مامۆستایان لە دواین هەوڵەکانیان، هاوکات بە هاشتاگی (#بەڵێ_بۆ_دامەزراندنی_مامۆستایانی_وانەبێژ) هەڵمەتێکی فراوانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەستپێکرد تا دواجار لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر بەگرێبەستبوونی مامۆستایان نیشاندا.

### 2.3 میدیای دیجیتاڵی و هەستکردن بە نادادپەروەری جوگرافی

نادادپەروەری جوگرافی ئاماژەیە بۆ دابەشکردنی نایەکسانی سەرچاوە، دەرفەت و خزمەتگوزارییەکان لە سەرانسەری ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا، کە زۆرجار دەبێتە هۆی هەستکردن بە پەراوێزخستن، بەتایبەتی لە نێوان شار و گوندەکان، یان لە نێوان شارەکان، یاخود لە چوارچێوەی گەڕەکەکانی شارێکدا، کاتێک تاک لە ڕێگەی میدیای دیجیتاڵی درک بەم نادادپەروەرییە دەکات، بەشداریکردنی لە چالاکیە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لاواز دەکات یان دوور دەکەوێتەوە.

بەپێی توێژینەوەیەکانی بواری کۆمەڵناسی؛ ئەو کەسانەی لە ناوچە گوندنشینەکان یان ناوچە بێبەشەکانی ئابووریی شارێکدا دا دەژین، بەهۆی هەستکردن بە نادادپەروەری زۆرجار ئاستی ڕەزامەندی بۆ ژیانیان کەمترە، چونکە هەست بەوە دەکەن لە سوودەکانی شارنشینی و جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان بێبەشکراون، ئەمەش دوچاری دابڕانی کۆمەڵایەتیان دەکات (Green, & White, 2021: 134)، هەروەها بەپێی ئەنجامی توێژینەوەیەکی دیکە دەرکەوتووە؛ ئەو تاکانەی هەست بە بێبەشبونی جوگرافی دەکەن، کەمتر بەشداری لە چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، ئاستی متمانەیان بە دامەزراوەکان و هەستی هاونیشتمانیبونیان لاواز دەبێ(Turok, & Bailey, 2020: 67) ، بۆیە ئەم بێبەشبوونی جوگرافییە نەک تەنها کاریگەری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە مادییەکان هەیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی و ناسنامەی کۆمەڵایەتیش هەیە، بەو جۆرە ڕەنگدانەوەی لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتیش دەبێ.

لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش؛ مامەڵەی نادادگەرانە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و حکومڕانیی خراپ، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی هەرێمی کوردستانی بەرەو دابەشبوون و لێکترازان برد، بەجۆرێک ئەمڕۆ ئەستەمە باس لە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو بکەین (ئیروانی، 2020: 89)، چونکە ڕۆژانە خەڵکی کوردستان بینەری چەندین هەواڵ و بەدواداچونی جۆراوجۆر لە میدیای دیجیتاڵی دەبن لەبارەی نادادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و، پڕۆژەکان لە نێوان گەڕەکەکان و شارەکان و ناوچە جیاکانی هەرێمی کوردستان و، هەروەها لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئاینزا جیاوازەکانیش.

### 2.4 میدیای دیجیتاڵی و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ

لەم سەردەمەدا؛ میدیای دیجیتاڵی بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەی مۆدێرن، گۆڕانکاری لە شێوازی کارلێککردنی تاکە و پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگەکان و هاوبەشکردنی زانیاری و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە و، تێڕوانین و هەست و کردارەکانی بە شێوەیەکی بێ وێنە لە قاڵب داوە، ئەم جۆرە میدیایە لە کاتێکدا کە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی خێرای زانیارییەکان، بەڵام لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی بەپیت و لەباری بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و گەورەکردنی قەیران و زیادبوونی دڵەڕاوکێیی کۆمەڵایەتی ڕەخساندوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەبێ بە تایبەت لە ناوچەیەکی وەک هەرێمی کوردستان .

کاستێلز جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێکهاتە تۆڕییەکان کاریگەرییان لەسەر دەسەڵات و ناسنامە و کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام، لە ئەگەری بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و هەستیار، بە تایبەتی لە ڕێگەی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، زۆرجار دەبێتە هۆی زیادبوونی ترس و دڵەڕاوکێ و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی(Castells, 2021: 87) ، چونکە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا دەتوانن هەستەکانی ترس و دڵەڕاوکێ زیاتر بکەن بەتایبەت لە کاتی قەیرانەکان وەک ئەوەی لە سەردەمی پەتای کۆڤید-19 ڕویدا، ئەوەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی خێرای زانیارییە پشتڕاستنەکراوەکان یان هەستیارەکان (Austin, & Jin, 2022: 112)، هەربۆیە کاتێک ترس و دڵەڕاوکێ بەسەر وتار و ڕایی گشتیدا زاڵ دەبێت، پەیوەندیی و متمانەی نێوان هاوولاتیان لەلایەک و، هاوڵاتیان و دامەزراوە حکومیەکان لاواز دەبێت، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەبێت.

توێژەر تێبینی ئەوەی کردوە، کە میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەدەستهێنانی لایک و کۆمێنت و بینەری زیاتر، زۆرجار جەخت لەسەر بابەتی مەترسیدار یان هەستیار دەکەنەوە بەتایبەتی لەڕێگەی ڕوماڵکردنی کارەسات، شەڕ، یان ڕووداوەکانی پەیوەست بە مەترسی، ململانێ، کوشتن، تیرۆر، قەیران و، ناسەقامگیری ڕووداوە نەرێنییەکان بە گرتە ڤیدیۆییە دراماتیکییەکان و وێنە و مانشێت و ناوەڕۆک و هەواڵە سەرەنجڕاکێشەکان وایکردوە سەرنجی بەکارهێنەران بۆ خۆیان ڕابکێشن، بەڵام بەرکەوتەی ڕۆژانەی تاک لەگەڵ ئەو مانشێت و ڤیدیۆ و وێنە و هەواڵ و بابەتە نەرێنیانە، ئەوەندی بۆتە هۆی زیاتری بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕواکێ، ئەوەندە نەبۆتە هۆی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی .

### 2.5 میدیای دیجیتاڵی و زەقکردنەوەی ململانێ و ناکۆکییەکان

لەم سەردەمەدا میدیای دیجیتاڵی ڕۆڵی فرە لایەنی لە بوارەکانی ململانێ و ناکۆکییەکان هەیە، ئینجا لە نێوان سەرکردە و پارتە سیاسیەکان بێت، یاخود لە نێوان گروپە

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp18-31

نەتەوەیی و ئایینیەکانی کۆمەڵگەکان، هەربۆیە لە هەندێک کاتدا توانراوە بە سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی و، لەڕێگەی ڕەخساندنی گفتوگۆ و، پێشخستنی لێبوردەیی و پەرەپێدانی گیانی ئاشتەوایی و ڕێزگرتن لە مافی یەکتر، هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بەو پرسانەی کە کاریگەرییان لەسەر گروپە جیاوازەکان هەیە، توانراوە ململانێ و ناکۆکییەکان کەم بکرێنەوە و، پردی پەیوەندی لە نێوان گروپە ناکۆکەکان دروست بکرێت و بەرەنگاری خاڵە ناکۆکی و جیاکاری و ستەمکارییەکان ببنەوە.

بەڵام زۆرجاریش ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی لەلایەن پارت و لایەنە سیاسیەکان و گروپە نەتەوەیی و ئاینیە جیاوازەکان بەکاردەهێندرێن بۆ دووپاتکردنەوەی ناسنامەی سیاسی و کەلتووری خۆیان و نیشاندانی لایەنی بەرانبەر وەک دوژمنکار و خیانەتکار، هەربۆیە ئەکتەرە سیاسییەکان، گروپە توندڕەوەکان، یان تاکەکان ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنن بۆ وروژاندنی ڕق و کینەی نەتەوەیی و ئاینی و سیاسیەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە فرە حزبی و نەتەوەیی و ئاییەنیە جیاوازەکان .

بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان؛ توێژەر تێبینی ئەوەی کردوە، کە گرووپە سیاسییەکان لە ڕێگەی میدیای سێبەر بەتایبەت و پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی چەندین پەیامی جۆراوجۆر؛ بارگراوی بە ڕق و ناکۆکی بەرانبەر بە یەکتری بڵاودەکەنەوە، ئەو لێدوان و پەیامانە؛ لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان زۆر زیاتر بوو، بەهەمان شێوە هەر لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان و، لە کاتی لابردنی کورسی کۆتای پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان لە پارلەمانی کوردستان لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەسەدان لێدوان و کۆمێنت و قسەی ڕق و کینە بەرانبەر بە پێکهاتەکانی (تورکمان، کلدان، ئاشوری و ئەرمەنی) بڵاوکرایەوە. هاوکات لە کاتی بەڕێوەچوونی مەراسیم و سروت و بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی چەندین کۆمێنت و قسە و ناو و ناتۆرەی نەشیاو لەلایەن بەکارهێنەران دژی شوێنکەوتوانی ئەو ئاین و ئاینزا و نەتەوە جیایانەی هەرێمی کوردستان دەکرێ و، کورتە ڤیدیۆی جیاوازیان لەسەر دروستکرا و بەخێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوکرانەوە.

هەمموو ئەمانەش بەشداریی لە زیادکردنی ناکۆکی و ململانیەکان دەکەن و، دەبنە هۆی لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و، درزی گەورە دەخاتە جەستەی کۆمەڵگەی کوردستانی، هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لاواز دەکات، دوژمنایەتی و بێمتمانەیی نێوان گروپە سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکان زیاتر دەکات و، ناسەقامگیری سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورە.

### 2.6 میدیای دیجیتاڵی، وێناکردنی دامەزراوە یاساییەکان

لە سەردەمی دیجیتاڵیدا؛ سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان بوونەتە کەناڵی باو بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی دامەزراوە حکومییەکان، لەنێویاندا سیستمی یاسایی و دادوەری. دامەزراوە یاساییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی ڕێکوپێکی مافەکان و دەستەبەرکردنی دادپەروەری و بەهێزکردنی پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا دەگێڕن، بەڵام وێناکردنی نەرێنی ئەم دامەزراوانە ئینجا بەهۆی هەستکردن بە گەندەڵی، ناکارایی، یان نادادپەروەریی دادوەرەکان بێ، یاخود بەهۆی پاڵنەری سیاسی بێت؛ دەتوانێت متمانەی گشتی لەناوببات .

زۆرجار ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی ئەو بابەتانە بەجۆرێک بڵاودەکەنەوە، کە کەیسە یاساییەکان هەستیارتر دەکەن، یان زانیاری هەڵە سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگا، کردەی پۆلیس و دامەزراوە ئەمنییەکان، یان بڕیارەکانی حکومەت بڵاودەکاتەوە، وێناکردنی چەواشەکارانە یان لایەنگریانەی ڕێوشوێنە یاساییەکان بە ئاسانی دەتوانێت تێڕوانینی گشتی بۆ سیستمی یاسایی و دادوەری گوماناوی بکات.

لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە یاساییەکان و سیستمی دادوەری لەو جۆرە وێناکردنە بەدەر نیە، وەک ئەوەی توێژەر لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی تێبینی کردوە؛ سیستمی یاسایی و دادوەری بەشێوەیەک وێنا دەکرێ، کە لەلایەن لایەنە سیاسیەکان و نوخبە بەهێزەکان یان دامەزراوەی حزبی و سیاسەتمەدارە دەسەڵاتدارەکان بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کراون، جگە لەوەش چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکان لەلایەن دامەزراوە حزبیەکان بەگشتی و مەکتەبی کۆمەڵایەتی حزبەکان وایکردوە؛ متمانەی گشتی بە دەسەڵاتی یاسایی و دادوەری زیاتر لاوازتر بێ، ئەمەش باوەڕی بە سەروەربوونی یاسا تێک داوە.

ئەو لە کاتێکدایە، کە تاک و گروپە کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئاینی، یان سیاسییە جیاوازەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و پاراستن و وەرگرتنەوەی مافەکانیان و نێوەندگیری ناکۆکییەکانی نێوانیان دەبێ پشت بە دامەزراوە یاساییەکان ببەستن، بەڵام کاتێک ئەم دامەزراوانە شەرعیەتیان لێ دەسەندرێتەوە یان متمانەیان لەناو خەڵک و گروپە جیاوازەکان لاواز دەبێت و، سەروەربونی یاساش تەنها وەک دروشمێک دەمێنێتەوە، بۆیە هاوولاتیان باوەڕیان بە ڕێگەی ئاشتیانەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان نەمێنێ و، پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی و هێز بۆ یەکلایکردنەوەی بابەتەکان، ئەمەش دەتوانێت دابەشبوونەکانی نێوان گروپە دژبەرەکان قووڵتر بکاتەوە و یەکانگیری کۆمەڵایەتی لاواز بکات، کاتێک دیجیتاڵ میدیا بەردەوام دەسەڵاتی دادوەری وەک گەندەڵ یان بێتوانا نیشان دەدات، متمانەی کۆمەڵایەتی لەناودەبات و بێ هیوایی دروست دەکات و، دەبێتە هاندەری بێ یاسایی. ڕەنگە هاوولاتیان هەست بەوە بکەن کە ناتوانن پشت بە سیستمی دادوەری ببەستن بۆ پاراستنی مافەکانیان یان چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بۆیە پەنا دەبنە بەر عەشیرەت و پێگەی کۆمەڵایەتی یان حزبی و کەسی، دواتریش نمونەی هۆکارەکانی یەکلایکردنەوەی ئەو جۆرە کێشانە و پەنانەبردن بۆ دادگاکان زۆر بەڕوونی لە میدیای دیجیتاڵی باس دەکرێ و، هاوڵاتی ڕۆژانە بەرکەوتەی لەگەڵ دەبێ.

توێژەر تێبینی ئەوەشی کردوە، کە زۆرجار بزووتنەوە سیاسییە پۆپۆلیستییەکان لە میدیای دیجیتاڵی سەرمایەگوزاری لە وێناکردنی نەرێنی دامەزراوە یاساییەکان دەکەن و، خۆیان وەک پاڵەوانی "نیشتیمان" لە دژی نوخبە گەندەڵەکان و سیستمی دادوەری پیشان دەدەن، ئەم قسەکردنە دەتوانێت زیاتر دامەزراوە یاساییەکان بێ شەرعی بکات و پەیکەری یەکانگیری کۆمەڵایەتی لاواز بکات، چونکە بەشداری لە جەمسەرگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات و دەتوانێت ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی بێهیوایی زیاتر لە کۆمەڵگە.

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp18-31

## 2.7 میدیای دیجیتاڵی و هەستی ناوچەگەرییەتی

پەیوەندی نێوان میدیای دیجیتاڵی و بابەتی ناوچەگەرییەتی، شارچییەتی و، یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان فرەلایەنە، وەک ئەوەی توێژەر بەسوودوەرگرتن لە ئامرازە دیجیتاڵییەکان تێبینی کردوە ئێستا زۆربەی شار و شارۆچکەکان تەنانەت بەشی زۆری گوندەکانی کوردستان پەڕەی تایبەت بە خۆیان کردۆتەوە و، تیایدا باس لە نەریتە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و شێوەزار و کەسایەتیەکان و ژیانی ڕۆژانەی ناوچەکانیان دەکەن، ئەوەش دەرفەتی بۆ گفتوگۆ و ئاگاداربوون لە دۆخی یەکتر زیاتر ڕەخساندوە، هەروەک بۆتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئەو کەسانەی کە ڕەگ و ڕیشەی کەلتووری و زمانەوانی یان مێژوویی هاوبەشیان هەیە و، هانی کردە و چالاکی بەکۆمەڵ و پاراستنی کەلتووری دەدەن، واتا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەکەی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی توانیویانە پەیوەندییەکیەکان بەهێزتر بکەن.

بەڵام میدیای دیجیتاڵی کاتێک بۆتە کێشە، کە لەلایەن پارت و سەرکردە سیاسیەکان بۆ جەختکردنەوە لەسەر ناوچەگەرییەتی بەکاردێ، وەک ئەوەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پاڕلەمانی کوردستان تێبینی کرا، ناسنامەی ناوچەیی و شارچییەتی بووە جێی سەرنجی سەرەکی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و، هەوڵ دەدرا دووبەرەکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی هەبێت، چونکە زۆر کەمتر کاریان لەسەر هاوڵاتیبوون دەکردەوە، هاوڵاتیبوون واتا ڕوانین لە تاکەکانی شار و کۆمەڵگە بەبێ گوێدانە جیاوازییە ناوچەیی، نەتەوەیی، یان ئایینییەکان، ئەوەش وا دەکات تاک وەک بەشێک لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەتر بیربکاتەوە، لێرەدا دەردەکەوێ شارچییەتی لە کوردستان ئەوەندی پرۆژەیەکی سیاسی و نوخبەییە، ئەوەندە بنەمای کۆمەڵگەیی نییە. بۆیە کاتێک شارچییەتی دەبێتە پرۆژەیەکی سیاسی و نوخبەیەکی دەسەڵاتدار لەپشتی پەردەوە دەبێتە بزوێنەری، لەوێدا مەترسییە راستەقینەکان دەستپێدەکەن. شارچییەتی چ وەکو ناسنامە و چ وەکو وتاریش لە کوردستان چیتر بابەتێکی شاراوە نییە، رووخسارەکانی شارچییەتی زۆرن: وێناکردنی خەڵکی شارێک بە لە یاسادەرچوو و ئاژاوەگێڕ، یان بە پێچەوانەوە، نیشاندانی خەڵکی شارێک بە ئازا و بەهەڵوێست و دانیشتووانی شارێکی دیکە بە سەر کز و بێهەڵوێست؛ دڵخۆشبوون (تەنانەت ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێ) بە ناڵەباریی دۆخی شارێک یان ناوچەیەک نموونەی هەناسەی شارچییەتی سیاسین. ڕەنگە ئێستا ناسنامەی شارچییەتی زیاتر لە سنوورێکی دیاریکراوی سیاسیدا چڕبوبێتەوە، بەڵام بە تێپەڕینی کات ڕەنگە تەشەنە بکات و وردە وردە ببێتە ناسنامەی باو و باڵادەست (حاجی، 2020).

لە بنەڕەتدا؛ شارەکان نوێنەرایەتی فەزای تێکەڵبوونی ناوچەیی و کەلتووری، دەرفەتی ئابووری و بەشداریکردنی سیاسی جیاواز دەکەن، هەموو ئەمانە بەشدارن لە دروستکردنی ناسنامەی شارستانی بەکۆمەڵ و بەهێزکردنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە شارە هاوچەرخەکان، بەڵام وەک ئەوەی توێژەر لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی تێبینیکردوە، پارتە سیاسیەکان نەیانتوانیوە بنەماکانی شاری هەوچەرخ لە هزری تاک بونیاد بنێین، لە پەیامەکانیشیاندا ئەوەندەی هەستی شانازیکردن بەناوچەیی و شارچییەتی بڵاودەکەنەوە، ئەوەندە نەیانتوانیوە شار بکەنە سەکۆیە بۆ دانیشتوانەکەی تا بەشداری لە ئاڵوگۆڕی کەلتووری و چەمکی هاووڵاتیبوون بکەن، هەربۆیە ئەوانەی لە بنەڕەتدا خەڵکی شارەکان نین، هەست بە نامۆبوون دەکەن و، خۆیان وەک بەشێک لە خەڵکی شار نابینن، ئەگەر بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆریش لە شارەکاندا نیشتەجێ بووبن، ئەوەش دیاردەیەکی مەترسیدارە بۆ پێکەوەبوون و یەکانگیری کۆمەڵایەتی.

## 2.8 میدیای دیجیتاڵی و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە

ڕق بریتیە لە هەستێکی قووڵی دوژمنایەتی، یان دروستبوونی هەڵوێستێکی توند، کە زۆرجار بەهۆی ترس، نەزانی، یان هەڕەشەی هەستپێکراوەوە سەرچاوە دەگرێت و بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت، لەوانە ئازاردانی زارەکی، جیاکاری، یان توندوتیژی جەستەیی. جاری وا هەیە ڕق لەسەر بنەمای ئەزموونی کەسی ئاراستەی کەسێک دەکرێت، جاری واش هەیە ئامانجی کۆمەڵە و ئاراستەی پێکهاتە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی، یان بۆچوونە سیاسیە جیاوازەکان و تەنانەت خەڵکی شارەکانیش دەکرێت و، دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی ململانێ و دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداریکردن لە پەراوێزخستنی هەندێک پێکهاتە، بەڵام کاتێک ڕق لە ڕێگەی میدیای گشتی یان میدیای دیجیتاڵی بڵاودەبێتەوە، توانای گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەرانی هەیە، هەربۆیە کاریگەریی گەورەتر دروست دەکات.

لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر لە ئەنجامی تۆمارکردنی سەرەنج و تێبینیەکانی لە ئامرازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت لەو بابەتانەی کە بنەمایەکی ئاینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و ناوچەیی و تەنانەت حزبی و سیاسیان هەبوو، جگە لەوەی لەلایەن میدیای سێبەری حزبە سیاسیەکانی بابەتی پڕ ڕق و کینەیان بڵاودەکردەوە، لەهەمانکاتدا لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەسەدان کۆمێنتی پڕ لە وشەی زبر و ڕق و کینە دەنوسرا، بەشێک لە کۆمێنت نوسەکان بێناو و بێناسنامە بوون، ئەوان بە بەجێهێشتنی کۆمێنتی خراپ، بروی زیاتریان بە وتاری رق و کینەیی دەدا و یەکسەر دەبونە جێی بایەخی بەکارهێنەران و، کۆمێنتی وا هەبوو بە سەدان لایک و ئیمۆجی و دەستخۆشی بۆ دەهات، بەو جۆرە هێزیان بەدەست دەهێنا و بەردەوامیان بە ڕەفتارەکانیان دەدا، ئەم جۆرە ڕەفتارە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسیەکان و ڕووداوە ئەمنیەکاندا، هەروەها بۆنە و یاد و سروتە ئاینیەکان بەکارهێنانی گوزارشتەکانی رق و کینە بە ڕێژەیەکی مەترسیدار لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکەن.

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین، کە یەکانگیری کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی ئایندەیەکی مەترسیدار و نادیار بۆتەوە، چونکە میدیای دیجیتاڵی گۆڕانکاری بەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردن و کارلێکی مرۆڤەکاندا هێناوە، لە کاتێکدا کە ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی خێرای زانیارییەکان کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕق و کینە و زانیاری هەڵە و دابەشبوون و داهاتوی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕووبەڕوی ئاڵنگاری کردۆتەوە، لەبەرئەوەی "ئەو نەوەیەی ئێستا پێدەگات نەوەیەك نییە لە حوجرە، قوتابخانە، کتێبخانە، یانەیەکی رۆشنبیری و فکری، یاخود لە زانکۆ چاوبکاتەوە و ئیلهام وەربگرێت، بەڵکو زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە کۆمەڵگە ئاشنا دەبێت و لەوێوە خەڵك دەبینێت، کاتێک کلیك لەسەر هەر پۆستێك دەکات لیستێکی هەزار بەهەزار جنێوی دێتە بەرچاو، سەرسام دەبێت بەو پاڵەوانانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەن، ئەم نەوەیە لە ژینگەیەکی ئاوا پێبگات کە زۆرینەیان کاتێکی زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر دەبەن، دەبێت لە داهاتوو

چەندە لەخەمی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە و ئاکار و خووڕەوشتی جوان و چاکەکاری و ڕێزگرتن و خۆشویستن و پاکێتیدا بێت" (حەسەن، 2019).

لە ئەنجامی توێژینەوەیەکدا، کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە "فەیسبووک بە هۆکارێکە بۆ دروستکردنی وتاری ڕقئامێز دادەنرێت و، ڕێژەیەکی زۆری گەنجان هەموو ڕۆژەکانی هەفتە فەیسبووک بەکاردەهێنن، هەروەک بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی سەرەکی دروستکردنی وتاری ڕقئامێزن، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری زیادکردنی گرژی و ململانێیەکان و کەمکردنەوەی لێبوردەیی و زیادبوونی توندوتیژی و کوشتن و دروستکردنی بێمتمانەیی (جراد و، شاری، 2024: 721)، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر متمانەی نێوان تاک و گروپەکان دەبێ و، ئەمێ بێتە هۆی پەرەپێدانی گۆشەگیری و، ناسەقامگیری کۆمەڵگە و، یەکانگیری کۆمەڵایەتیش تێکدەدات .

## 2.9 میدیای دیجیتاڵی و هاندان بۆ توندوتیژی

توندوتیژی، بە شێوە جۆراوجۆرەکانی، لە مێژە بابەتی توێژینەوەکانی کۆمەڵناسی بووە، بەهۆی کاریگەریی قووڵی لەسەر تاک و گروپ و کۆمەڵگە، توندوتیژی زۆرجار وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، نایەکسانی، یان نائارامییەکان سەرهەڵدەدات، ئەوەش جەختکردنەوە لەسەر دەسەڵات، وەڵامدانەوەی هەڕەشە هەستپێکراوەکان، یان گەیشتن بە هەندێک ئامانجی دیاریکراوە، بەڵام دەرئەنجامی نەرێنی دەخەنە سەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی، چونکە توندوتیژی بە دروستکردنی ترس و بێمتمانەیی و گۆشەگیری لەناو کۆمەڵگە؛ سەرمایەی کۆمەڵایەتی تێکدەدات. کاتێک توندوتیژی لە کۆمەڵگە هەبێت، تاکەکان زیاتر دوودڵ دەبن لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵایەتی یان نزیک خۆیانن، ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕانی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

لە بواری میدیایدا؛ دیاردەی توندتیژی پەیوەندییەکی پتەوی بە میدیا هەیە، بەتایبەت لە ڕێگەی ئەو پەیامانەی کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ وەرگری دەگوازنەوە و، وای لێ دەکەن بکەوێتە ژێر کاریگەری، هەندێجاریش بەپێی ناوەڕۆکی پەیامەکە هەڵس و کەوت دەکەن، بەتایبەت کاتێک دەبینن ئەو جۆرە پەیامە دەنگدانەوەی لای وەرگرەکانی هەیە، کەناڵەکانی میدیا ڕۆڵێکی وا دەبینن کەم نیە لە جۆشدان یان هاندان و دنەدان و پاڵپشتیکردنی دەرکەوتنی دیاردەی توندوتیژی و تیرۆر و زیادەڕۆیی، بەتایبەت کاتێک پەیڕوی میتۆدی زیادەڕۆی دەکەن، یان گاڵتەجاڕی بە ئاوەزو و ڕێوڕەسمە ئاینی و نەتەوەیی و ئاکارییەکانی گروپە جیاکانی کۆمەڵگە دەکەن، یاخود فیتنەگێری و روژاندنی ئاژاوە دەکەن و کێشەکانی کۆمەڵگە گەورە دەکەن (حسێن، 2020، 79)، بەڵام ئەم دۆخە لە میدیای دیجتاڵیدا مامەڵەکە زۆر نابەرپرسانە ترە، بەتایبەت کە لەم سەردەمەدا تەکنەلۆژیا دەرفەتی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەخساندوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئەکاونت دروست بکەن و بەدەر لە هەر یاسا و ڕێسا و ئاکارێک سەدان پەیام، کە هەڵگری هاندان و دنەدانی توتدوتیژییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بڵاو بکەنەوە.

توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیدا؛ تێبینی ئەوەی کردوە، کە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی ڕۆڵێکی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی هزر و ڕەفتاری توندوتیژی لە کوردستان دەگێڕن، چ لە شێوەی پیشاندانی ئەنجامدانی تاوان، چ لە شێوەی نائارامی سیاسی، یان ململانێی کۆمەڵایەتی، یاخود توندتیژی هێنایی بۆ سەر گروپ و پێکهاتە ڕەگەزی و، نەتەوەیی و ئاینی و سیاسی..هتد جیاکان، ئەوەی لە پۆست و لایڤ و کۆمێنتەکان تێبینی کرا، تاکەکان سەرەتا بە بیرۆکە توندڕەوەکان ئاشنا دەبن، پاشان وردە وردە هاندەدرێن بەرەو کردەوەی توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی ترس، بۆ نموونە زۆرجار لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بابەتی هەستیار و بارگاویکراو بە شەڕانگێزی، دوژمنایەتی، یان توندوتیژی بڵاودەکرێتەوە و، ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدرێت بۆچونە توندوتیژەکانیان دەربڕن یان پشتگیری لە ڕەفتاری توندتیژی بکەن بەبێ ترس، ئەوەش دەبێتە هۆی هاندان و بڵاوبونەوەی توندتیژی و ڕەفتاری شەڕانگێزی لە کۆمەڵگە.

کاتێک توندوتیژی لە کۆمەڵگە بڵاودەبێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی بێزاری و نائارامی لە نێوان گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ڕەنگە وەک کاردانەوەیەک و بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و، لە ژێر کاریگەری پەیامە میدیایەکان؛ ئەوانیش پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، هەربۆیە بوونی ترس و نارەزایی بەردەوام و ململانێی چارەسەرنەکراو، لەگەڵ پەرەسەندنی توندوتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نۆرم و بەها هاوبەشانە تێک بچن، کە بنەمای یەکانگیری کۆمەڵایەتین.

## 2.10 میدیای دیجیتاڵی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و بێ بنەما

هەواڵی ساختە ئاماژەیە بۆ ئەو زانیارییە ناڕاستە یان چەواشەکارانەی کە وەک هەواڵ پێشکەش دەکرێن بە مەبەستی فریودانی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی و، دەستکاریکردنی بیروڕای گشتی، بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، یان گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی یان ئابووریی تایبەت، ئەم جۆرە هەواڵانە بەشێوەیەک ناوەڕۆکەکەی داڕێژراوە؛ وا لە خەڵکی ئاسایی دەکات باوەڕیان پێبکەن و، هاوبەشی بکەن بەبێ ئەوەی ڕاستی و دروستی هەواڵەکە پشتڕاست بکەنەوە.

ئەم جۆرە هەواڵە وەک ئەوەی توێژەر لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت تێبینیکردوە، بۆی دەرکەوتووە هەواڵی ساختە چەندین شێوە هەیە، لەوانە بابەتی دروستکراو، وێنە و بەڵگەنامەی دەستکاریکراو، مانشێتی ناڕاست، یان ڤیدیۆی چەواشەکارانە، کە زۆرجار بە شێوەیەک داڕێژراون شەرعی دەرکەوێت بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری هەبێت، لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکان و ململانێی نێوان پارت و لایەنە سیاسیەکان و لیست و کاندیدەکانی هەڵبژاردن بۆ پارلەمانی کوردستان وایکرد بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە زۆر خێراتر بێت بەتایبەت لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی سێبەری پارتە سیاسیەکان، کە چەندین بابەتی جۆراوجۆر و ساختە و تۆمەت بەخشینیان بڵاودەکردەوە بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرەنجی بەکارهێنەران و، بەبێ ڕەچاوکردنی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەوانی.

هەرچەندە هەواڵی ساختە مێژوییەکی زۆر کۆنی لە بواری میدیایدا هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی کەمترین چاودێریان لەسەرە، وایکردوە هەواڵی ساختە لەم ژینگەیەدا زیاتر گەشە بکات و، بەخێرایی بڵاوبێتەوە و لە ماوەی چەند خولەکێکدا بگاتە ملیۆنان کەس، چونکە هەواڵی ساختە مەیلی بۆ وروژاندنی کاردانەوەی توند هەیە- وەک شۆک، توڕەیی، یان ترس و، ئەگەری هاوبەشکردن و لایککردن و کۆمێنتکردنیان زیاترە نەک زانیاری ڕاستەقینە یان هاوسەنگ، هەروەک ئەو ئەلگۆریتمانەی ئەو پلاتفۆرمانەش بەڕێوەدەبەن هاندەری خێرای

بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵەیە، جگە لەوەش سروشتی میدیای دیجیتاڵی ڕێگە بە هەموو کەسێک دەدات زانیاری دروست بکات و بڵاوی بکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە ستانداردێکی پیشەیی یان لێپرسینەوە هەبێت.
ئەم بڵاوبوونەوە بێ کۆنترۆڵ و خێرایەی هەواڵی ساختە و بێ بنەمایە وایکردووە بە شێوەیەکی بەرچاو متمانەی گشتی بە میدیاکان تێک بدەدات و کێشەی زانیاری ڕاست لە کۆمەڵگە گەورەتر بکات، بەردەوامبوونیشی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستانی لاوازتر دەکات.

## 2.11 میدیای دیجیتاڵی و سوکایەتیکردن بە سیمبوڵەکان

سیمبول و کەسایەتییە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا مانایەکی بەرچاویان هەیە، نوێنەرایەتییەکی بەهێزی ناسنامەی بەکۆمەڵ و بەها هاوبەشەکان و بیروباوەڕەکان دەکەن و، لە ڕێگەی ڕێوڕەسم و گێڕانەوەی ئایینی هاوبەشەوە یەکانگیری بەرەوپێش دەبەن و کۆمەڵگەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، چونکە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی بۆ تاک و کۆمەڵگە دادەڕێژن، لەبەرئەوەی یارمەتیدەرن لە دروستکردنی هەستی سەربەخۆیی و هاودەنگی و متمانە لە نێوان شوێنکەوتووان، بە هەمان شێوە سیمبول و فیگەرە کۆمەڵایەتییەکان، وەک پاڵەوانە نەتەوەییەکان، یان ڕووداوە مێژووییەکان، هێما کەلتوورییەکان- وەک زمان، جلوبەرگی نەریتی و دەربڕینی هونەری ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی بنەماکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن، بە ئاهەنگ گێڕان و ڕێزلێنان و یادکردنەوەی ئەو کەسایەتی و هێمایانە، یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ دروست دەکەن، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکەن و نەریتەکان دەپارێزن .
لە کایەی سیاسیشدا هێماکانی وەک ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و کەسایەتییە سیاسییەکان و سەرکردە و شۆڕشگێڕان؛ نوێنەرایەتی بیروبۆچوون و خواستەکانی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک دەکەن. ئەم هێمایانە زۆرجار بۆ یەکێتی و ئازادی و دادپەروەری گرنگن و، خاڵی کۆکەرەوەی هاوڵاتیانن، کردەوەکانیان دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ هەوڵە بەکۆمەڵەکان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هاوبەشە کان. کاتێک ڕێز لە هێما و کەسایەتییە سیاسییەکان دەگیرێت، وەک پایەی سەقامگیری و متمانە کاردەکەن.
بەڵام ئەوەی لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی هەرێمی کوردستان تێبینی دەکرێ زۆرجار سوکایەتی بەو سیمبول و هێما و پیرۆزە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییانەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئینجا بە بڵاوکردنەوەی بابەت و وتار بێ، یان لە ڕێگەی پەیامی ڤیدیۆی ڕاستەوخۆ یاخود کۆمێنت و دروستکردنی کاریکاتێر بێ، هەندێکجاریش لە چوارچێوەی تەنز یان لێدوانی سیاسیدا، بەڵام بەجۆرێک بووە کە بە قووڵی ئیمانداران و شوێنکەوتوانی تووڕە کردوە. ئەو جۆرە سوکایەتیانە بۆ هێما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، یان کەسایەتیی و سەرکردە سیاسیی و مێژووییەکان لە میدیای دیجیتاڵیی هەرێمی کوردستان زیاتر کراونەتە ئامانج و، بێڕێزی بەرانبەر بە خەبات و هەوڵەکانیان کراوە.
ئەو جۆرە سوکایەتی و بێ ڕێزیەی بەرانبەر بە سیمبول و هێما و کەسایەتییە ئایینی و نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ، زۆرجار کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (26/9/2024) دوو پێشکەشکاری کەناڵی (ئاڤا تی ڤی) لە میانەی گفتوگۆیەکی نێوانیاندا، سوکایەتیان بە جل و بەرگی هەورامی کرد، یەکێکیان وتی: " ئێمە ئێوەمان فێری چاکەت و پانتۆڵ کرد، ئێوە تەنها کوڵەباڵتان بوە، ئێمە نەبوونایە تۆ ئێستە ئەبوو بە کەواو سەڵتە و فەرنجیەوە بەرنامەت پێشکەش بکردایە"، ئەوەش بەخێرایی نارەزایەتی هەورامیەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی بەدوای خۆیدا هێنا و هەڕەشەی تۆمارکردنی سکاڵایان کرد، چونکە وەک هەورامیەکان باسیان دەکرد "بێ لەبەرچاوگرتنی هەست و کەسایەتیی سەدان هەزار هەورامی و زمانی هەورامان، دوور لە هەموو عورف و ڕەوشتێکی ڕۆژنامەنووس، کەناڵەکە کەوتە سوکایەتی و تەشهیرکردن، بە بەکارهێنانی چەندین وشەی نەشیاو و سوکایەتیکردن بە کەلتوور و ئاداب و تەقلیدی رەسەنی هەورامییەکان."
ئەم جۆرە نارەزایەتیانە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی گریمانەیی و ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵیدا بووە، بەڵام هەندێک جار ڕەنگدانەوەی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی هەبوە و، تورەیی گشتی و نائارامی کۆمەڵایەتی و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و هەڵویستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناوە، بردەوادان بەو جۆرە بێڕێزکردنە بە سیمبول و هێما و کەسایەتییە ئایینی و نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، جگە لەوەی ململانێ کۆمەڵایەتیەکان و توندتیژی زیاد دەکات و متمانەی کۆمەڵایەتی لاواز دەکات، لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەش دەبێ، بەو جۆرەش مەترسی دەکەوێتە سەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی نێوان پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی.

## 2.12 میدیای دیجیتاڵی و ئابووربردنی کۆمەڵایەتی

هەر تاک و گروپ و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگە و ناوبانگی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیانن، لە بواری کۆمەڵناسیدا (پێیر بۆردیۆ) کۆمەڵناسی فەرەنسی بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی ناوی دەبات، چونکە جۆرێکە لە سامان کە تاک لە میانەی تۆڕی پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و متمانەی مرۆڤەکاندا بەدەستی دەهێنێ، بەهۆیەوە دەبێتە پشتیوانیەکی بەهێز و، هاوکاری و ئاڵوگۆڕی زانیاری ئاسان دەکات، ئەوەش سوودی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی بە تاک و گروپە کۆمەڵایەتیەکان دەبەخشێت و، خۆشگوزەرانی تاک و کۆمەڵ بەرز دەکاتەوە، لەبەرئەوەی دەبنە خاوەن ناو بانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی تایبەت و، پارێزگاریکردن لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی یەکانگیری کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات، بەپێچەوانەوە کاریگەری نەرێنی زۆر لەسەر تاک و یەکانگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکات (Jameel Et al., 2022).
بۆ نموونە؛ لە میانەی سەرەنج و تێبینیەکانی توێژەر لە ئامرازە دیجیتاڵیەکانی میدیا و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە بەجۆرەها شێوە ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی ناو و پێگەی کۆمەڵایەتی تاک و گروپە کۆمەڵایەتیەکان تۆمارکران، ئەوەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، زیانبەخش، بوختانکردن، گاڵتەپێکردن یان هەواڵ و وێنەی چەواشەکارانە، ئەوە جگە لە نوسینی تویت و دروستکردنی ڤیدیۆی جۆراوجۆر، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین، کە سروشتی میدیای دیجیتاڵی وایە ڕێگە دەدات ئەم جۆرە بابەتانە بە خێرایی بگاتە بەکارهێنەرێکی زۆر، بەو هۆیەشەوە بەکارهێنەر لایکی دەکات، هاوبەشی دەکات، یان کۆمێنتی نەشیاوی لەسەر دەکات، ئەمەش ناوزڕاندن و لەکەدارکردنەکە زیاتر گەورەتر دەکات

و، بەشدار دەبن لە کردەی زیانگەیاندن و لەکەدارکردنی ناوبانگ، یان پێگەی کۆمەڵایەتی تاک، گروپ، یان دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگە، کە دواجار جۆرێک لێکەوتەی قووڵی لەسەر ناسنامەی کەسایەتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و توانای بەشداریکردنی ماناداری تاک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبووە، لەسەر ئاستی گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانیش ناوزڕاندن روویداوە، چەند جارێکیش بۆتە هۆی دووبەرەکی و زیادبوونی ململانێیەکان لە پێناو پاراستنی ناسنامە و ناوبانگیان .

لە ئەنجامدا ناوزڕاندن و ئابڕوبردنی کۆمەڵایەتی لە میدیای دیجیتاڵیدا نەک تەنها زیان بە تاک و گروپەکان دەگەیەنێت، بەڵکو یەکانگیری کۆمەڵایەتیش تێکدەدات، چونکە دەبێتە هۆی لاوازکردنی متمانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بەوەش دابەشبوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە زیاتر دەبێ.

## 3. یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان

بنەما یاساییەکان؛ رۆڵێکی گرنگ و چارەنووسساز لە پاراستنی و بەرەوپێشبردنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەگێڕن، بەتایبەت ئەو یاسا و بڕگە و ماددە یاساییانەی پەیوەستن بە میدیا و رێکخستنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و پاراستنی مافی پێکهاتەکان و رێزگرتن لە هەمەجۆریی کەلتووری و ئاینی و نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، هەربۆیە یاساکان کۆمەڵێک ماددە و بڕگە و خاڵیان لە خۆگرتوە و رێنمایی روونیان بۆ هەڵسوکەوتی میدیایی دامەزراوەکانی میدیا و میدیاکاران لەخۆگرتووە؛ هانیان دەدات لە رێگەی دروستکردنی گفتوگۆ و لێبوردەیی و لێکتێگەیشتنی یەکتر لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا؛ بەشداریی ئەرێنی لە بەهێزکردنی پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتیدا بکەن، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی میدیایی کە کەرامەت و مافی هەموو پێکهاتەکان بپارێزێن و، دور بکەنەوە لە ناوزڕاندن و ناوەرۆکی جیاکاری و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی ناڕاست و، هەوڵدان بۆ دابەشکاری.

لێرەدا بەسوود وەرگرتن لە یاساکانی تایبەت بە کاری میدیا، لەگەڵ ئەو ماددە و بڕگە و خاڵانەی لە یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە باس لە میدیا و یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەکەن؛ تیشکیان دەخەینە سەر و بەجیا تاوتوێیان دەکەین، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

### 3.1 یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە یاساکانی تایبەت بەکاری میدیا

کاروباری میدیایی و میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان لە رێگەی چەند یاساییەکی تایبەت رێکخراوە، ئامانجی ئەم یاساییانە هاوسەنگکردنی ئازادی رادەربرینە لەگەڵ پێویستی رێگریکردن لە قسەی رق و کینە، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری هەڵە و ناڕاست و هاندانی توندوتیژییە. ئەم رێسایانە بە شێوەیەک دارێژراون تا میدیا و دامەزراوە میدیاکان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە کار بکەن، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو ماددە و بڕگە و خاڵانەی ئەو یاسایانە دەکەین، کە پەیوەستن بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی و بنەماکانی.

بۆ نموونە لە ماددەی نۆیەم لە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان-عێراق هاتووە؛ "بڵاوکردنەوە (النشر) لەو بابەتانە قەدەغەن کە هانی کردنی تاوان و کاری تیرۆرستی (الإرهاب) دەدەن و رێوشوێنی بۆ خۆش دەکەن و تین و توانای بۆ دابین دەکەن یان جنێو و تانوت لێدان و ناوزڕاندنی کەسانیان تێدا بێ یان دەستدرێژیان تێدا بێ بۆ سەر حورمەتی ئایین و مەزهەبەکان و داب و نەریت و سیستمی گشتی" (پەرلەمانی کوردستان، 1993)، هەروەها لە هەمواری ماددەی دووەمی هەمان یاسا لە ساڵی (2002)دا هاتووە "بڵاوکردنەوەی کاڵدانی (التحریض) جەریمە و تیرۆر و، شەڕەجوێن و تانە و تەشەر (التشهیر)ی دژ بە ئەشخاص و سوکایەتی بە حورمەتی دین و مەزهەب و ئاداب و پێڕۆی گشتی، قەدەغەیە" (پەرلەمانی کوردستان، 2002)، وەک دەردەکەوێ لەم دوو مادەیەی ئەم یاسایەدا بەرووونی جەخت لە پابەندبوونی دامەزراوەی میدیایی کراوەتەوە، کە خۆیان هاندان بۆ تاوان و شەڕەجوێن و تانە و تەشەر و ناوزڕاندن و ، دەستدرێژی و و سوکایەتی بۆ سەر ئایین و مەزهەب و دابونەریت و سیستمی گشتی بەدور بگرن، ئەوەش خاڵێکی گرنگە بۆ دروستکردنی متمانە و بەهێزکردنی پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە ئاین و ئاینزا جیاکانی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی گیانی پێکەوەژیان.

هەروەها لە ماددەی بیستەم لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان؛ میدیاکاران بە کۆمەڵێک خاڵ پابەندکراون، بۆ نموونە لە خاڵی (7)دا باس لەوە کراوە، کە "نابێت وشەیەک یان فکریەک بڵاوبکەنەوە زەرەر بە رەوشت و نیزامی گشتی بگەیێنێت"، لە خاڵی ((10یەمیشدا هاتووە میدیاکار نابێت پیشەی رۆژنامەنووسی بقۆزێتەوە بۆ " تانەلێدان و سوکایەتیکردن بە پیرۆزی و رێورەسمە ئاینی و نیشتمانیەکان"(پەرلەمانی کوردستان، 1998)، ئەم دوو خاڵەش گرنگی خۆیان بۆ پتەوکردنی پێکەوەبوون و برەودا بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە لە رێگەییەوە تاک و گروپە کۆمەڵایەتیەکان پابەندییان بە نیشتمان و رێزگرتن لە نەتەوە و ئاینە جیاکان زیاتر دەبێ، ئەوەش رەنگدانەوەی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگە دەبێ.

بەهەمان شێوە لە ماددەی نۆیەم لە بڕگەی یەکەم لە یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە رێگەی (7) خاڵ سەرپێچیەکانی میدیاکار دیاریکردوە و، سەرجەمیان پەیوەندییان بە پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی هەیە، کە بریتین لە (پەرلەمانی کوردستان، 2007):-

1. چاندنی تۆی رق و کینە و، لێکترازانی پێکهاتەکانی کۆمەڵ.
2. سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕ و رێ و رەسمە ئاینیەکان.
3. سوکایەتیکردن بە سیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئاینزایەک و لەکەدارکردنیان.
4. هەر بابەتێک پەیوەندی بە نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ، هەرچەندە راستیش بێ، بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەداربوونی.
5. جنێودان و توانجی ناڕەوا و ناوزڕاندن.
6. هەر بابەتێک زیان بە رێکاری لێکۆڵینەوە و دادوەری بگەیەنێ، تەنیا مەگەر دادگا رێگەی بە بڵاوکردنەوەی دابێ.
7. پێشێلکردنی پرنسیپەکانی بەڵێننامەی (میثاق شرف)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (1954)ی هەمووارکراو.

هەروەها لە ماددەی یازدەیەمی هەمان یاسادا هاتووە: "هەر بابەتێک لە سەرچاوەکانی دەرەوەی هەرێم وەرگیرابێ، یاخود وەرگێردرابێ لە بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی بڵاوکردنەوەی نابووردرێ ."

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp18-31

لەلایەکی دیکەوە لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان، ماددەی دووەم تەرخانکراوە بۆ پێشێلکاری و قەدەغەکراوەکان و تێیدا هاتووە: " هەر کەسێک بە خراپی تەلەفوون (مۆبایل) یان ئامێرێکی پەیوەندیکردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئینتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن (قذف)یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا، کە ترس پەیدا دەکات، یان دزەی بە گفتوگۆکردن کرد یان وێنەی چەسپاو و جووڵاو یان کورتیلە نامەی (مسج)ی بڵاوکردەوە، کە لەگەڵ خۆ و ڕەوشتی گشتیدا ناگونجێن یان بەبێ ڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت یان کاروبارێکی وا شەرەف بریندار بکات، یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی و بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە نهێنی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە، کە بەهەر ڕێگەیەک بێت چنگی کەوتن هەتا ئەگەر ڕاستیش بن، ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سوکایەتی یاخود زیانیان پێ بگەیەنێ" (پارلەمانی کوردستان، 2008)، ئەوا بۆ ماوەیەک بەند دەکرێ یان غرامە دەکرێ، دیسان ئەم ماددە یاسایەش بنەمایەکی گرنگی بۆ دروستکردنی متمانەی گشتی و گیانی پێکەوەبوون و پاراستنی پێگەی تاک و خێزان و ڕەوشتی گشتی داناوە، کە هاوبەشی دەکات لە بەهێزکردنی بنەما یاساییەکانی پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان.

یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی دیکەی یاساییە بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیوەست بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە ماددەی چواردەیەم بڕگەی دووەم خاڵی پێنجەمی یاساکەدا ئاماژەی بۆ کراوە و، ڕێگەی بە دامەزراوەکان داوە پێدانی ئەم جۆرە زانیارانە ڕەتبکاتەوە، کە بریتین " زانیاری و دۆسیە کەسیەکان کە تایبەت بە خوێندن، یان پزیشکی، یان فەرمانبەرێتی، یان ژمێرە بانکیەکان یان نهێنیە پیشەییەکان بەبێ ڕەزامەندی کەسی پەیوەندار و، هەرچیەکی پەیوەست بێت بە سەلامەتی و تەندروستی هاوڵاتی و خستنەبەری ژیانی بۆ مەترسی" (پارلەمانی کوردستان، 2013).

لە نوێترین یاسادا، کە تایبەتە بە یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی سێیەمدا هاتووە: " هەموو ئەو ڕیکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی، تەندروستی گشتی و مافەکانی مرۆڤن، ڕێگە پێنەدراون لە هەرێمی کوردستان-عێراق" (پارلەمانی کوردستان، 2019)، هەموو ئەو بنەما گشتیانە سیستمی کۆمەڵگە و پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەسەر بونیاد نراوە، هەربۆیە لە هەموو ڕووەکان کار بۆ پارێزگاریکردن و مانەوە و وابەستەبوونیان دەکرێت، کە یاسا و میدیاش دوو بواری گرنگی کۆمەڵگەن.

ئەو ماددە و بڕگە و خاڵە یاساییانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی میدیایی کە پاڵپشتی لە یەکانگیری کۆمەڵایەتی بکات، چونکە بە ڕوون و ڕاشکاوی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و بابەتە میدیانە دەکات، کە ناوەڕۆکەکەی هاندەری ڕق و کینە، سووکایەتی بە ئایین و هێما نیشتمانیەکان دەکات، یان زانیاریی هەڵە و ناوزڕاندن بڵاودەکاتەوە.

جگە لەوەش ئەم چوارچێوە یاساییانە جەخت لەسەر پاراستنی هێما ئایینی و کەلتوورییەکان دەکەنەوە، هەروەها قەدەغەکردنی سووکایەتیکردن بە تاک و گروپەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕ، نەتەوە، یان پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی وەک هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە یەکانگیریی کۆمەڵایەتی زۆر وابەستەیە بە ڕێزگرتن و لێبوردەیی یەکتر و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ترس و بێمتمانەیی و، پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی زانیاری و پاراستنی بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستکردنی متمانە لە نێوان حکومەت و میدیا و خەڵک. کاتێک هاوڵاتیان هەست دەکەن ڕێز لە تایبەتمەندی و کەرامەتی تایبەتی و نەتەوەیی و ئایینیەکەی دەگیرێت و، کاروبارە میدیاییەکان ڕێکخراوە بۆ ڕێگریکردن لە زیان، ئەوە هەستکردن وا دەکات پەیکەری کۆمەڵایەتی بەهێز بکات، چونکە مرۆڤەکان زیاتر پەیوەندی ئەرێنییان لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان و حکومەتەکەیاندا دەبێت، ئەمەش پایە و کۆڵەگەکانی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات.

### 3.2 بنەماکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە یاساکانی دیکەدا

لە چەند یاسایەکی بەرکاری دیکەی هەرێمی کوردستاندا خاڵ و بڕگەی تایبەت بە بابەتی یەکانگیری کۆمەڵایەتی بەگشتی و نەخشەڕێی کارکردنی میدیا و میدیاکاران بەشێوەیەکی تایبەتی دیاریکراوە، بۆ نموونە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە سوکایەتیکردن بە ئایین و ئایینزاکان و جیاکردنەوەی ڕەخنە لە تۆمەت و ناوزڕاندنی ئایین لە ماددەی (372)ی یاسای سزادانی عێراقیدا و لە بڕگەکانی (ا، د، ه) جەخت لە سزادانی سوکایەتیکردن بە ئایین کردۆتەوە و تێیدا هاتووە : "سزای بەندکردن بە مەرجێ لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ و غەرامەیەک لە (1) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێندرێ (محەمەد، 2022: 149)، کە:

بە ڕێگەیەک لە ڕێگە ئاشکراکان دەستدرێژی بکاتە سەر بیروباوەڕی گروپێکی ئایینی یاخود سروتەکانی بشکێنێ.

کتێبێکی پیرۆزی گروپێکی ئایینی چاپ و بڵاوبکاتەوە، بەشێوازێک دەقەکەی بەئانقەست بگۆڕێت و، ببێتە هۆی گۆڕانی ماناکەی یان سوکایەتیکردن بە حکومێک یان بەشێک لە پەیامەکەی.

بەشێوازێکی ئاشکرا سوکایەتی بە ڕەمز و کەسایەتیەکی پیرۆز و بەڕێزی گروپێکی ئایینی بکات.

هەروەها جنێودان و سوکایەتیکردن لەگەڵ ئەوەی دیاردەیەکی خراپ و، قوستنەوەی ئازادی ڕادەربڕینە بۆ مەبەستی شیاو، لەگەڵ دەرکەوتنی ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە بەتاوان دادەنرێت و سزای لەگەڵدایە، ئەوەتا لە ماددەی (434)ی هەمان یاسادا باس لە جنێودان دەکات و تێدا هاتووە " جنێودان شکاندنی ڕێز و شکۆی بەرانبەرە یان لێدانە یان پێگەکەی لەکەداری بکات یان هەستی بریندار بکات و جنێوی پێ بدات، هەرچەندە ڕوداوێکی دیاری کراوی نەدرابێتە پاڵ، سزا دەدرێ بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە ساڵێک زیاتر نەبێ و پێژاردن بە پارە یان بە یەکێک لەو دوو سزایە، بەڵام ئەگەر هاتوو جنێودانەکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە کرابێ لە ڕۆژنامە یان چاپکراوەکان یان بە یەکێک لە ڕێگەکانی تری ڕاگەیاندن ئەنجام درابێ ئەوا ئەمە بە بارودۆخی توندکردنی سزا دادەنرێت" (الوقائع العراقية، 1969: 58)، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگە، چونکە بۆ نموونە زۆر جار بەهۆی جنێودان بە سەرکردە یان پارتێکی سیاسی یان کەسایەتیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئامرازە

جیاوازەکانی میدیا نارەزایی لێکەوتۆتەوە و شڵەژانی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە و، مەترسی لەسەر یەکانگیری کۆمەڵایەتی دروست کردوە، چونکە درز خستۆتە نێوان پێکهاتەکانی جیاکانی کۆمەڵگە.

هەروەها لە ماددەی چوارەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان برگەی (2 و 4) کە تەرخانکراوە بۆ کاروباری میدیا؛ ئەم کارانەی خوارەوەی لە میدیا بە تاوانی تۆقاندن و تیرۆر داناوە، ئەوانیش بریتین لە (پارلەمانی کوردستان، 2006)-:

نوسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلابێت یان بەدەست بێنێت کە هاندان، بەچاک زانین، یان پروپاگەندە لەخۆبگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری، بەمەبەستی دابەشکردنی یان بلاوکردنەوەی.

بە ئەنقەست، هەواڵ، رونکردنەوە یاخود پروپاگەندەیەکی تۆقێنەر بلاوبکاتەوە، هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو یان ئەلیکترۆنی بەهەل وەربگرێت یان بەکاریان بێنێت، لە ئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بلاوبکاتەوە و راستەوخۆ بکاتە رادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها، کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوە و، ترس بخاتە نێو هاولاتیان و هەرەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

هەروەک لە یاساکەدا هاتووە ئامانج لە دەرکردنی بریتیە لە رێگەگرتن لە بلاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و شڵەژان و ئاژاوە نانەوە لە نێو جەماوەر بۆ هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی، تایفەگەری یان رەگەزی و، بۆ زیان نەگەیاندن بە سیستمی گشتی و سەربەخۆیی و پیرۆزیی و بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو میدیاکاران بۆچونی جیاواز لەبارەی ئەو دوو مادەیە خراوەتەرو و بەکۆتوبەندکردنی کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان لە قەڵەمی دەدەن، بەلام جێبەجێکردنی بەدەر لە مەرامی سیاسی دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ یەکانگیری کۆمەڵایەتی .

لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستانیشدا بەتایبەت لە ماددەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم بەرِوونی باس بەهێزکردن و گرنگیدان بە پێکهاتە ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و بەم شێوەیە کارەکانی رونکراوەتەوە (پارلەمانی کوردستان، 2007):

گرنگیدان بە ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی دیکە و کەلەپوورەکانیان و رێزگرتنی زانایان و پیاوانی ئایینی و پاراستنی پایەی کۆمەڵایەتییان و چاککردنی باری ژیانیان تاکو چالاکی ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی وا بنوێنن، کە خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستانی بکات.

بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان ئایین و ئایینزا و تایەفە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی عێراق.

دروستکردنی و نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و پەرستگاکانی دیکە و دابینکردنی پێداویستیەکانیان...هتد .

هەروەها لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەهەمان شێوە بایەخ بە پێکەوەژیان و یەکانگیری کۆمەڵایەتی دراوە، بۆ نموونە لە ماددەی بیستەمدا، کە دوو برگەی لە خۆگرتوە تیایدا هاتووە: میدیا و ناوەندی کەلتوری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لەکاتی پێویست زمانی دیکە بەکاردەهێندرێت، لە برگەی دووەمیشدا دەڵێ: پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت (پارلەمانی کوردستان، 2014)، لە ماددەی (22)شدا هاتووە: "لە هەر یەکەیەکی بەرێوەبردندا، کە چری دانیشتوانەکەی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە بن، زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی کوردیدا دەبێتە زمانی فەرمی خوێندن، ئاخاوتن، کاروباری کارگێری ناوخۆییان" (پارلەمانی کوردستان، 2014)، ئەم ماددە یاسایانەش کە تایبەتن بەلایەنی میدیا و کاروبارە فەرمیەکان دوپاتکردنەوەیەکی دیکەی بایەخدانی هەرێمی کوردستانە بە پێکهاتە جیاکانی دیکەی هەرێم، کە وادەکات هەستی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگە بەهێزتر بکات، چونکە تاک ئینتیما و متمانەی زیاتر بەسیستمی حکومرانی و پێکهاتەکانی دیکە دەبێ و، درک بەوە دەکات کە رێز لە تایبەتمەندییەکانی گیراوە.

بەلام هەرچی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانە لە کوردستان بۆتە پاڵپشتیەکی دیکەی گرنگ بۆ پرۆسەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە مافی پێکهاتە جیاکانی هەرێمی کوردستان، چونکە وەک ئەوەی لە ماددەی دووەمدا هاتووە بە روونی باسی لە پێکهاتەکان کردوە و تیایدا هاتووە: "کۆمەڵە نەتەوەییەکان پێکدێن لە تورکمان، کلدان، سریانی ئاشوری و ئەرمەن، هەروەک کۆمەڵە ئایین و ئایینزاکان پێکدێن لە مەسیحی، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی، شەبەک، فەیلی، زەردەشتی و هی دیکە، کە هاولاتی کوردستانی عێراقن" (پارلەمانی کوردستان، 2015).

هەروەها لە ماددەی سێیەمدا، کە هەشت برگەی لەخۆگرتوە تیایدا هاتووە: "دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق یەکسانی تەواو و کاریگەر بۆ پێکهاتەکان مسۆگەر دەکات"، هەروەک لە برگەی سێیەمدا هاتووە جەخت لە کاروباری میدیا دەکاتەوە و تیایدا هاتووە: "قەدەغەکردنی هەر بانگەشەیەکی ئایینی، یان سیاسی، یان راگەیاندن، بەتاک یان بە کۆمەڵ، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، بۆ رقوکینە یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوە و پەراوێزخستن لەسەر بنەمای نەتەوەیی، یان ئەتنی، یان ئایینی، یان زمانەوانی بیناکرابێت"، دیسان لە برگەی هەشتەمدا هاتووە: " حکومەت پابەند دەبێت بەپارێزگاریکردن لە زمانی دایک، لە رێگەکانی مسۆگەرکردنی فێربوونیان، رۆشنبیربوون و بەرێوەبردنی کەناڵی راگەیاندن تایبەت بەخۆیان"(پارلەمانی کوردستان، 2015).

لە ماددەی چوارەمی هەمان یاسادا جارێکی دیکە بە روونی باس لە فەراهەمکردنی بیروڕای ئازاد و کاروباری میدیای بۆ پێکهاتەکان کراوەتەوە و لە برگەی دووەمدا هاتووە: " هەر پێکهاتەیەک بەیەکسانی لەگەڵ زۆرینە بۆی هەیە ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی بە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی رادەربرین، دەزگاکانی راگەیاندن، ئازادی کۆبونەوە و دامەزراندنی کۆمەڵە و رابیتەکان و ئازادی پیادەکردنی بیروباوەری ئایینی پیادە بکات" (پارلەمانی کوردستان، 2015).

لێرەدا دەردەکەوێ بنەماکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی تارادەیەکی زۆر چوارچێوەیەکی یاسایی باشیان لە هەرێمی کوردستان بۆ دانراوە، ئەو یاسایانە بونەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی ئازادی رادەربرین، لێبوردەیی ئایینی و، پاراستنی مافی پێکهاتەکانی جیاکانی کۆمەڵگە، چونکە رێوشوێنی گونجاویان بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ململانێی و کێشەکان دیاریکردوە، هەروەک جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندی بەرپرسیارانە لە ناوچەیەکی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینیدا دەکاتەوە. ئەم یاسایانە بە سزادانی کردەوەکانی وەک هاندان بۆ توندوتیژی و بلاوکردنەوەی رق و کینە و زانیاری هەڵە...هتد، هەوڵدەدەن رێگری لە میدیاکان بکەن تا نەبنە ئامرازێک

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp18-31

بۆ چاندنی ناتەبایی و دوبەرەکی.

هەروەها بڕگە یاساییەکانی تایبەت بە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و، هەوڵدان بۆ پاراستنی میراتی کەلتووری و دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە دەربڕین و دامەزراندنی میدیا و پەروەردە بە زمانەکانی خۆیان هەنگاوی یاسایی ئەرێنی زۆر گرنگن بۆ بەرزکردنەوە و بەهێزکردنی پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی، چونکە ئەم ڕێوشوێنانە یارمەتی پاراستنی بونیادی کۆمەڵایەتی دەدەن، ئەوەش لە ڕێگەی دانانن بە فرەیی کەلتووری و ئایینی ناوچەکە و ڕێزگرتن لە گروپە نەتەوەیی، ئاینیی، ئایینزا، زمان و ڕەگەز. ئەم پارێزبەندییە یاساییە زۆر گرنگە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو تا هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی هەست بە نوێنەرایەتی و پارێزراوی بکەن .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا؛ لە کاتی جێبەجێکردنی خاڵ و بڕگەکانی ئەو یاسایانەدا زۆرجار ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبنەوە، بەتایبەت ئەو مادده و خاڵ و بڕگانەی پەیوەندیبان بەئایین و ئایینزا و بابەتی تیرۆر و ئازادی ڕادەربڕین هەیە، چونکە هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان ڕێگریکردن لە زیانگەیاندن بە ئایین و ئایینزا و سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین بابەتێکی هەستیار و وردە، وەک میدیاکاران و توێژەرانی بواری میدیا باسی دەکەن زۆرجار بەهۆی ڕەخنەگرتنی میدیاکاران لە هەندێ نەریتی هەڵەی ئایینی، یان ڕەخنەگرتن لە سیستمی حکومڕانی بە شێوەیەکی بێلایەنانە، دەسەڵات و لایەنە سیاسیە جیاکان بە پشت بەستن بەو مادده و خاڵ و بڕگانە و بەبیانوی سوکایەتیکردن بە ئایین و ئایینزا و سیستمی حکومڕانی میدیاکاران دەستگیر دەکەن و، فشار دەخەنە سەر دامەزراوە میدیاییەکان و ئازادی ڕادەربڕین سەرکەوت دەکەن و ڕەخنەی بونیادنەر سنوردار دەکەن، بەڵام دواجار ئەوە سیستمی دادوەری و دادگاکانە کە بەدەر لە هەر جۆرە فشارێک دەتوانن ئەو جۆرە پرس و بابەتانە لە نێوان سوکایەتیکردن و ڕەخنەگرتن یەکلای بکەنەوە، هەر بەو جۆرەش متمانەی پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگە بە یاسا و سیستمی دادوەری و دادوەران بەهێز دەبێ و، هەمووان هەست بەوە دەکەن کە دەنگەکانیان بە یەکسانی لە چوارچێوەی وتاری گشتیدا بەهایان هەیە، ئەوەش خاڵێکی گرنگە بۆ سەرپێخستنی پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستانی.

## 4. ئەنجامەکان

دوای خستنەڕوی لایەنە جیاکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و تۆمارکردنی تێبینیەکانی توێژەر لە ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی و خستنەڕو و تاوتوێکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان، لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتە چەند خاڵێک، کە بریتین لە:

1. میدیای دیجیتاڵی ڕۆڵێکی بەرچاو لە داڕشتن و بەهێزکردنی بنەماکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی هەبووە، بەتایبەت لەڕێگەی پیشاندانی بەها و مێژوی هاوبەش، هۆشیاری و ناسنامەی کەلتووری بەرزکردۆتەوە.
2. لە بواری سیاسیدا ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بونەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی دابەشبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تایبەت لە نێوان گروپە نەتەوەیی یان سیاسییە جیاوازەکان زیاتر کردوە.
3. ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی هەستی شارچێیەتی لە نێوان هاوڵاتیان بەهێز و گەورەتر کردوە، بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکان.
4. میدیای دیجیتاڵی بۆتە ئامرازێکی بەهێزی پتەوکردنی گیانی هاوکاری و هاوسۆزی و پشتیوانی چینە پەراوێزخراوەکان.
5. میدیای دیجیتاڵی و هەستکردن بە نادادپەروەری لە بواری خوێندن و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و پرۆژەکان لە نێوان گەڕەکەکان و شارەکان و ناوچە جیاکانی هەرێمی کوردستان و، هەروەها لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاوازەکانیش زیاد کردوە.
6. ڕوماڵکردنی کارەسات، شەڕ، یان ڕووداوەکانی پەیوەست بە مەترسی، ململانێ، کوشتن، تیرۆر، قەیران و، ناسەقاگیری لە میدیای دیجیتاڵی بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ .
7. میدیاکاران هۆشیاری تەواویان سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پایەکانی یەکانگیری کۆمەڵایەتی نیە
8. زۆرجار میدیای دیجیتاڵی بۆتە ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و سوکایەتیکردن بە پێکهاتە جیاکان بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکان.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، سەروەر حەمە. (2019). ڕۆشنبیری سیاسی، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

ئەحمەد، موحەمەد ڕەحمان و، شەریف، ئەمین فەرەج. (بەبێ ئاماژەکردن بە ساڵی بڵاوکردنەوە). ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارە (40) DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.40175-205 .

ئێروانی، موسڵح. (2020). کۆمەڵگەی لێکترازاو: هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شوناس. لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئێروانی (ئامادەکاران)، هەولێر: ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

حاجی، هیوا. (2020). لە هاوشاریبوونەوە بۆ شارچییەتی، لەم بەستەرە بەردەستە: رووداو.نێت (rudaw.net) ڕێکەوتی سەردان .[12/8/2024] :

حەسەن، فەرمان. (2019). هەڵمەتێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جنێو، لەم بەستەرە بەردەستە (metroo.org) :ڕێکەوتی سەردان.[21/9/2024] :

حەکیم، مراد و ئەمیر، لەیلا . (2020). کۆمەڵگەی باشوری کوردستان لە نێوان یەکگرتوویی و پەرتەوازەییدا. لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئێروانی (ئامادەکاران)، هەولێر: ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی. ل: 197-226 .

جراد، چۆلی ئەسعەد و، شاری، کۆسرەت طه. (2024). ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی گوتاری ڕقئامێز لە نێو گەنجاندا ـفەیسبوک بەنموونە، لە گۆڤاری تایبەت بە دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانستیی میدیای دیجیتاڵی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە لە سایەی یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا، ل: 724-693 .

حسێن، عەدنان یوسف. (2020). هاندانی توندتیژی میدیایی و کاریگەری لەسەر هەڵکشانی ناکۆکی، وەرگێڕانی: کەمال فاروق نەصرەدین، تاران: چاپخانەی ماد.

محەمەد، کارزان. (2022). ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، چ3، سلێمانی:

چاپخانەی کارۆ.

پارلەمانی کوردستان. (1993). یاسای ژمارە (10)ی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان-عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە: yasay-zhmara-10y-saly-1993.pdf (parliament.krd)، ڕێکەوتی سەردان.(25/9/2024)

پارلەمانی کوردستان. (1998). یاسای ژمارە (4)ی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عراق ، لەم بەستەرە بەردەستە: یاسای-ژمارە-4-ی-سالی-1998-یاسای-سە-ندیکای-ڕۆژنامە-نووسانی-کوردستانی-عیراق.pdf (parliament.krd)،ڕێکەوتی سەردان.(25/9/2024).

پارلەمانی کوردستان. (2006). یاسای ژمارە (3)ی ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان -عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە : Microsoft Word - pkyj3-2006TIROR (parliament.krd) ،ڕێکەوتی سەردان.(26/9/2024) .

پارلەمانی کوردستان. (2007). یاسای ژمارە (11)ی یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە : Microsoft Word - pkyj11-2007w auqaf (parliament.krd) ،ڕێکەوتی سەردان.(26/9/2024) .

پارلەمانی کوردستان. (2013). یاسای ژمارە (11)ی یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ، لەم بەستەرە بەردەستە: بةناوي خواي بةخشندةو ميهرةبان(parliament.krd) ، ڕێکەوتی سەردان : (27/9/2024).

پارلەمانی کوردستان. (2014). یاسای ژمارە (6)ی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە: بةناوي خواي بةخشندةو ميهرةبان (parliament.krd) ،ڕێکەوتی سەردان.(26/9/2024)

پارلەمانی کوردستان. (2015). یاسای ژمارە (5)ی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان ـ عێراق ، لەم بەستەرە بەردەستە: بةناوي خواي بةخشندةو ميهرةبان (parliament.krd) ،ڕێکەوتی سەردان.(26/9/2024)

پارلەمانی کوردستان. (2019). یاسای ژمارە (4)ی یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە: 4ی-2019.pdf (parliament.krd)،.ڕێکەوتی سەردان.(25/9/2024).

پارلەمانی کوردستان. (2020). یاسای ژمارە (8)ی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1993(چاپەمەنیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە: یاسای-ژمارە-8-ی-ساڵی2002ی-یاسای-یە-کە-م-هە-موارکردنی-یاسای-ژمارە-10-ی-ساڵی-1993-چاپە-مە-نیە-کانی-هە-رێمی-کوردستانی-عێراق.pdf،.ڕێکەوتی سەردان( 2024/9/25)

پارلەمانی کوردستان. (2018). پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە: بةناوي خواي بةخشندةو ميهرةبان (parliament.krd)، ڕێکەوتی سەردان.(2024.9.11)

پارلەمانی کوردستان. (2024). خولەکانی پارلەمانی کوردستان-عێراق، لەم بەستەرە بەردەستە: پەرلەمانی کوردستان | خولەکانی پەرلەمان(parliament.krd) ، ڕێکەوتی سەردان.(2024.9.11)

الوقائع العراقية. (1969). قانون العقوبات رقم 111 لسنة 1969، السنة الثانية عشرة، العدد 1778، بغداد: وزارة الثقافة والإعلام في العراق، متاح على الموقع: Iraq_Law111_y1969_Criminal_and_Penal_Code_AR.pdf (unescwa.org) :تأريخ الزيارة (2024/9/25).

Austin, L. & Jin, Yan. (2022). Social media and crisis communication (2nd ed.), New York and London: Routledge.

Agha, A. M., Massoudi, A. H., & Zaidan, M. N. (2023). The Influence of Individual, Environmental, Technology, and Manufacturing Factors on Iraqi Gas and Oil Companies. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 7(1), 136-147.

Ahmed, M. E., Alani, A. A., & Massoudi, A. H. (2020). Spiritual leadership behavior and its role in promoting professional ethics. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 4(2), 121-126.

Castells, M. (2021). Communication Power (2nd ed.), Oxford: Oxford University Press.

Fuchs, Ch. (2022). Digital Democracy and the Digital Public Sphere: Media, Communication and Society, Volume Six (1st ed.). Routledge. https://doi.org/10.4324/9781003331087.

Green, J., & White, M. (2021). The Rural Divide: Inequality, Geography, and Modern Society, Cambridge: Cambridge University Press.

Jameel, A. S., Massoudi, A. H., & Ahmad, A. R. (2022, July). Motivational Elements of Online Knowledge Sharing Among Employees: Evidence from the Banking Sector. In International Conference on Information Systems and Intelligent Applications (pp. 491-501). Cham: Springer International Publishing.

Massoudi, A. H., Agha, A. M., & Zamoum, K. (2025). Bridging AI Marketing and Customer Loyalty. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 9(1), 106-113.

Turkle, Sh. (2011). Alone Together: Why We Expect More from Technology and Less from Each Other, New York: Basic Books.

Turok, I., & B, N. (2020). Geography, Inequality, and Social Cohesion: Contemporary Insights, London: Sage Publications.



**Abstract:**

The Kurdistan Region, characterized by its diverse ethnic and religious communities, emerged from decades of revolution, struggle, and the efforts of the Kurdish people liberation movement. This study seeks to explore the intricate relationship between digital media and social cohesion; the research further elucidated the influence of digital media platforms on social cohesion within the Kurdistan Region. To achieve its objectives, the research employed observational techniques and the method of Content Analysis. For this purpose, a sample of news items and posts, primarily from the social media platform Facebook, was collected between June 1, 2024, and December 1, 2024. The content of these collected

materials was subsequently analyzed. Ultimately, a series of conclusions were drawn. Social unity manifests a duality of effects within the communities of the Kurdistan Region, encompassing both beneficial and detrimental outcomes. On one side, it has enhanced cultural awareness and identity by highlighting shared values and historical narratives. The study findings reveal that various ethnic and political groups, coupled with journalists' insufficient legal awareness regarding the fundamental aspects of social cohesion, present significant challenges.

Keywords: Kurdistan Region, Social Cohesion, Digital Media, Social Media, Hatred.